ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
34
25 ی نیسان / ئەپریلی 2022

## یەکی ئایار ڕۆژی وەستانەوەی چینی کرێکارە بەدژی دەسەڵاتی نایەکسان و چەوسێنەرانەی سەرمایەداری!



## سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەریتانیا!

موحسن کەریم

ڕۆژی ١٩ی مانگ مەسروربارزانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا (بۆریس جۆنسن) لە ئۆفیسی ئەنجومەنی وەزیران لە لەندەن چاویان بەیەکتر کەوت و ڕۆژی دواتریش لەگەڵ وەزیری ناوخۆی ئەو وولاتە لە ئۆفیسی وەزارەتی ناوخۆ کۆبووەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنی ماڵپەڕی حکومەتی بەریتانیا بابەتی دانیشتنی نێوان بۆریس جۆنسن و مەسرور بارزانی بریتی بووە لە توندکردنەوەی پەیوەندیەکان لە بواری بازرگانی و وەبەرهێنان، پرسی سەقامگیری عێراق و هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیا. لەو بارەوە مەسرور بارزانی ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ ناردنی گاز بۆ ئەورووپا بەمەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەورووپا بە گازی ڕوسیا. کۆبونەوەکەی نێوان مەسرور بارزانی و "پریتی پاتێل"ی وەزیری ناوخۆی بەریتانیا(هۆم ئۆفیس)یش تایبەت بووە بە هاوکاریکردن لەبواری ئەمنی و پەنابەریدا لە چەند مانگی داهاتوودا.

جیاواز لەو لێکدانەوەیەی هەندێ لایەنی سیاسی نەیاری پارتی بۆ ئەم سەردانەی مەسرور بارزانی دەیکەن، کە زیاتر لە پێگەی گازەندەکردنە لەوەی حکومەتی بەریتانیا و دەوڵەتانی ڕۆژاوا ئەو جێگاورێگایە بۆئەوان قایل نین، بەڵام ئەم پێشوازیکردنە لەئاستی باڵای حکومەتی بەریتانیادا، دەرخەری ئەوەیە کە بەریتانیا ئەگەر لەباری تاکتیکیشەوە بووە پێویستی بە پارتیە، هەروەکو

بۆ لاپەڕە ٢



## گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب سەبارەت بە:

قسەکانی بافڵ تاڵەبانی بۆ بەستنەوەی دابینکردنی ژیانی خەڵک بە گەڕانەوە بۆ بەغدا!

بۆ لاپەڕە ٣



## گفتوگۆ لەگەڵ عبدلله مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە:

هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان!

بۆ لاپەڕە ٥



## ئەم دونیا پێچەوانەیە دەبێت ڕاستبکرێتەوە !

مستەفا باهیر

بۆ لاپەڕە ٧

* سەرمایەداری ئەبەدی نییە و هاتنەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان مومکینە!

بەیاننامەی حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە ................ لاپەڕە ٨

* ڕونکردنەوەیەک لە سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە

........... لاپەڕە ٩

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.... سەردانەکەی مەسرور بارزانی بۆ بەریتانیا!

چۆن کاتی خۆی جۆرج بۆش، سەرۆکی ئەمریکا، مەسعود بارزانی بە جلی کوردیەوە بانگێشتی کۆشکی سپی کرد و بۆ پاکانەکردنی تاوانەکانی سوپای ئەمریکا لە عێراق، بەوەی کە لەبەردەم خەڵکی ئەمریکادا ووتی ئێمە رژێمێکمان روخاندوە کە نەیدەهێشت ئەم پیاوە ئەو جلانە لەبەر بکات!

پێشوازیکردن لە مەسرور بارزانی، بەڕەسمی ناسینی پێگەی پارتیە لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و کوردستان بەوەی کە پارتی دەتوانێ کۆمەک بەجێخستنی نەخشەی سیاسی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بەتایبەتی و ووڵاتانی رۆژاوا بکات لە ئاستی عێراق و بگرە ناوچەکەشدا. پارتی لەئاستی عێراقدا کەوتۆتە ناو بەرەی نەیاری ئێرانەوە کە لەلایەن ئەمریکاو رۆژواوە پشتیوانی دەکرێ و لەسەر ئاستی کوردستانیش گرنگترین جومگە سیاسیەکانی بەدەستەوەیە! لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کەسەرباری نزیکبونەوەی لەروسیا، بەڵام بەدەیان داوەوە بەرۆژاواوە بەستراوەتەوە، پەیوەندی سیاسی و ستراتیژی هەیە تاڕادەی ئەوەی کە مانەوەی خۆی بەستۆتەوە بە خزمەتکاری بۆ ئەو دەوڵەتەوە! ئێستاش هێرشی ڕوسیا بۆسەر ئۆکرانیاو کاردانەوەی ئەمریکاو رۆژاوا دژ بە ڕوسیا و بەتایبەتی توندکردنەوەی گەمارۆی ئابوری لەدژی کە کە بەپێی لۆجیک دەبێ بگاتە دەستبەرداربوونی ئەوروپا لە گازی ڕوسیا کە بەتوندی پشتی پێبەستوە، مەسەلەی جێگرەوەی گازی ڕوسیای لە بەریتانیا و ووڵاتانی ئەوروپیدا کردۆتە پرسێکی گرنگ و جێی نیگەرانی خەڵک. سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ئەگەر لەڕووی پڕوپاگەندەشەوە بووە، دەیەوێ بە خەڵکی ووڵاتەکەی بڵێ کە سەرچاوەیەکی دیکەی گازی هەرزانمان هەیە، تا لەو رێگایەوە قایلیان بکات بە قبوڵکردنی کاریگەریە نەرێنیەکانی ململانێ و جەنگی ئابوریان لەگەڵ ڕوسیادا. بێگومان ئەوەی کە چەندە گازی کوردستان دەتوانێ جێگرەوەی گازی ڕوسیا بێت بۆ ئەوروپا، زۆرتر لە خەیاڵەوە نزیکە تا ڕاستی!

سەرباری ئەوانەی سەرەوە، لایەنێکی گرنگ و سەرەکی ئەم سەردانە، مەسەلەی هاوکاریکردنی بەریتانیایە لەلایەن پارتیەوە وەکو خاوەنی حکومەتی هەرێم لەبواری پرسی پەنابەریدا. ئەوەش بەڕوونی لەکۆبونەوەی مەسرور بارزانی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی بەریتانیادا دەردەکەوێ. بەریتانیا تازە لەگەڵ دەوڵەتی ڕاوەندا رێکەوتنێکی واژۆکردوە کە هەموو ئەو پەنابەرانەی بەنایاسایی لەدەریاوە دەچنە ئەو ووڵاتەوە، ڕەوانەی ئەوێ بکات بەرامبەر بە هاوکاریەکی دارایی ١٢٠ ملیۆن پاوەندی. ئەوەش ڕوونە کە بەشێکی فراوانی ئەو پەنابەرانەی ڕوو لە بەریتانیا دەکەن کوردی عێراقنکە لەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی هەڵدێن! حکومەتی پارێزگارانی بەریتانیاو خودی وەزیری ناوخۆ کە بە دژە پەنابەر ناسراوەو دوای روداوی خنکانی ژنێکی کورد لەدەریای باکوڕ لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیادا تەنانەت لەناوخۆی بەریتانیا دەنگی ناڕەزایەتی بەرامبەری بەرزبوەوە، ئەوەیان لە مەسرور بارزانی دەوێ کە رێگری لەهاتنی پەنابەران بکەن بۆ بەریتانیا ئەگەر ئەوکارە پێویستی بە هاوکاریکردنی ئەمنی و گۆڕینەوەی زانیاریش بێت لەسەر پەنابەران! بۆیە سەرەنجام ئەو پێشوازیەی حکومەتی بەریتانیا لە مەسرور بارزانی بۆ ئەو خزمەتەیە کە حزب و حکومەتەکەی ناوبراو بە بەریتانیاو خودی حکومەتی پارێزگارانی دەکات!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب سەبارەت بە قسەکانی بافڵ تاڵەبانی بۆ بەستنەوەی دابینکردنی ژیانی خەڵک بە گەڕانەوە بۆ بەغدا!

**ئۆکتۆبەر: بافڵ تاڵەبانی دەڵێ حکومەتی هەرێم ناتوانێ ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان دابین بکات و ڕێگاچارە گەڕانەوەیە بۆ بەغدا، لەکاتێکدا حزبەکەی خۆی یەکێکە لە حزبە پێکهێنەرەکانی حکومەت و قوبادی برای جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمە.. ئێوە چ قسەیەکتان هەیە لەسەر ئەو ڕاگەیاندنەی بافڵ تاڵەبانی؟ چی ئامانجێکی سیاسی لە پشتی ئەم قسانەوە خۆی حەشارداوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** ئەگەر ئەم مەسەلەیە لەو ئاماژەیەوە قسەی لەسەر بکەین، کە بافڵ تاڵەبانی دەڵێت حکومەتی هەرێم ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، واتە لەپێکهاتەی حکومەتی هەرێمدا بەئاشکرا ئەوە دەخاتە بەردەستمان کە حکومەتی هەرێم توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نەماوە، ئێستاش بەرامبەر ئەو دۆخەی کە بافڵ دەیەوێت ئاماژەی پێبکات، دەبێت تەنها یەک ڕێگە هەبێت بۆ ڕزگاربون لە نەتوانینی حکومەت بۆ دابینکردنی ژیانی هاوڵاتیان، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستای هەرێمە. لەم بارەیەوە پێویستە سەبارەت بەو ئاماژەیەی بافڵ دەیخاتە بەرچاومان ئەو ناکۆکیە دیاری بکەین کە دەرگیری بووە، چونکە ئەگەر بافڵ پێیوایە ئەم حکومەتە ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، ئاخۆدەبێت چی ڕێگەی ئەوەی لێگرتبن کە دەستبەجێ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتە ڕابگەیەنێت و خۆی و قوبادی براشی دەست لەکاری سیاسی بکێشنەوە؟ هەروەها لە تەواوی پرۆسەی سیاسی سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتداری حزبەکەی لە کوردستاندا دەبێت پاشەکشەی حیزبەکەی و سڕبونی حزبەکەی لە کاری سیاسی ڕابگەیەنێت. گەر ئەو کارەش ناکات ئیتر ئەو ئاماژەیەی کە حکومەت ناتوانێ بژێوی هاوڵاتیان دابین بکات قسەیەکی بێماناو مزایەدەی سیاسی و خۆدزینەوەیەکی ڕیسواو بێشەرمانەیە لە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ژیان و گوزەران و پێداویستیەکانی هاوڵاتیان. هەروەها ئامادەنیە هیچ ڕێوشوێنێک بگرێتەبەر کە بگاتە ئەو ئاکامەی پێگەی حیزبەکەی لەق بکات و بۆخۆشی کۆتایی بە ژیانی سیاسی بهێنێت، چونکە ئاشکرایە کە بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی پێشمەرجی هەموو شتێکە.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم دەربارەی دۆخی ئێستای کوردستان و قەیرانێک کە حکومەت دەرگیریەتی، لەو شوێنەوە دیاری ناکرێت کە بافڵ دەڵێت حکومەت ناتوانێ بژێوی خەڵک دابین بکات، چونکە لە نێوان ئەوەی حکومەت ناتوانێ بژێوی دابین بکات یان بڵێین نایەوێت بژێوی خەڵک دابین بکات، دوو مەسەلەو دوو ئاراستەی جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت. من وای دەبینم کە حکومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان خاوەن ئیمکاناتێکی بێشوماری وەهان کە بە جەردەیی و تاڵانی و قۆرخکردنی سەروەت و سامانی کوردستان دەستیان کەوتوە، گەر مەبەستیان بێت، دەتوانن باشترین خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان دەستەبەر بکەن. بۆیە ناکۆکیەکە لێرەدایە کە بافڵ و مەسعود، قوبادو مەسرور، نێچیرو بەرهەم، یەکێتی و پارتی کێشەکەیان ئەوە نیە ناتوانن بژێوی هاوڵاتیان دابین بکەن، بەڵکو وەک خاوەن هێزی میلیشیاو تاڵانچی و جەردە و خاوەن سەرمایەیەکی بێشومار بە هیچ جۆرێک بەتەنگ ژیانی هاوڵاتیانەوە نەبون و نین و کێشەیان ژیانی خەڵک نیە. هەر بۆیە گەر نەیانتوانیایە ژیان و گوزەرانی خەڵک بەڕێوەبەرن حکومەتەکەیان هەڵدەوەشاندەوە، بەڵام ئەوەی کەمن دەڵێم نایانەوێت، وەهایان داناوە کە دەسەڵاتەکەیان هەتاهەتایی بێت.

هەروەها باسکردنی گەڕانەوە بۆ بەغدا و بەستنەوەی چارەنوسی خەڵک بەبەغداوە هێندە ئاماژەیەکی نابەجێیە جگە لەوەی کە نایانەوێت وەڵام بە گوزەران و باشکردنی بژێوی و پێداویستیەکانی خەڵک بدەنەوە، بەڵکو چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە بارمتەو قوربانی ئەو مامەڵەو کێشمەکێش و گەمە سیاسیانەی کە لەگەڵ هێزە سیاسی و قەومی و تائیفیە میلیشیایانەی عێراقدا دەیکەن.

بافڵ و حزبەکەی لە نێو ئەو هاوکێشە سیاسیەی کە ئاڵوگۆڕ بە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ناوچەکەو عێراق و کوردستان هاتووە پێشبینی ئاڵوگۆڕی زیاتریش دەکرێت، هەروەها کێشە ناوخۆییەکانی حزبەکەیی و گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکەی، پێگەیەکی وەها توندو پتەویان نیە کە بتوانن لە نێو جەنجاڵی هەلومەرجی ئایندەی ناوچەکەدا چارەنوسی هێزەکەیان دیاری بکەن، بەتایبەتی لەبەرامبەر پارتیدا، هەر بۆیە بافڵ لە هەندێ حاڵەتدا وەک قومارچیەک وەرەقەی دۆڕاندن فڕێ ئەدات و قسیەک بەبێ ڕونکردنەوەو نەخشەیەکی دیاریکراو دەخاتە ناو مەیدانی کێشمەکێشی لایەنەکانەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر ئەم قسەیەی بافڵ بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک و خۆ دەربازکردن بێت لەژێر باری بەرپرسیارێتی و شکاندنەوەی شکستەکە بەسەر پارتیدا، تا چ ڕادەیەک ئەم سیاسەتە دەتوانێ یەکێتی لە بەرپرسیارێتی بێبەری بکات؟ ئایا ئەمە مانای دانپێدان نیە بە شکستی حکومەتی**

**کوردایەتیدا لە زەمانی یەکێک لە دوو پێکهێنەرە سەرەکیەکەیەوە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** یەکێتی نیشتمانی لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان و کێشمەکێشی لەگەڵ پارتیدا، لەهەر جێگەو ڕێگەوپێگەیەکی سیاسیدا بێت ئەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە یەکێتی نیشتمانی سەرتاپا ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی بەناوی ناوچەی سەوزەوە داگیر کردوەو لەژێر ڕکێفی هێزەکانیدایە، وە ئیدارەی ناوچەکە لەهەموو بوارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە لەژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتدا دەچەرخێ، لەهەمان کاتدا بە گومرگ و بازرگانی و قاچاخچێتی و دەرهێنانی نەوت سەرمایە کەڵەکە دەکات.

بۆیە لەم حاڵەتەدا ئاماژەکەی بافڵ بەهەر مەبەست و نیازێکی سیاسی بیخاتە ڕوو، بەمەبەستی شکاندنی پارتی بێت یا خۆڵکردنە چاوی خەڵک، پێش هەموو شتێک واقعیەتی بێتوانایی و بودەڵی حیزبەکەی دەخاتە ڕوو، کە پاش سی ساڵی دەسەڵاتیان جگە لە ڕاگەیاندنی بنبەستبونی حیزبەکەی لە نێو هاوکێشە سیاسیەکاندا هیچ مانایەکی نییە.

واتە بافڵ و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی جۆرێک لە حاڵەتی بێئاسۆیی و دیارنەبونی چارەنوسی هێزەکەیان لە نێو ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتە سیاسیانەی کە لە ناوچەکەو عێراق و کوردستان ڕوودەدات بە تایبەتی لە هەلومەرجی شەڕی ئۆکرانیا و ئاکام و کاریگەریەکانی لەسەر ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەمانایەک یەکێتی نیشتمانی وەک هیزێکی میلیشیا پێگەو ئیعتبارە سیاسیەکەی ئێستا لەو ئاستەدانیە کەبتوانێ لە مەیدانی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا جێگایەکی باشتر لە دۆخی بنبەستی ئێستای بەدەست بهێنێت، هەروەها بافڵ و سەرکردایەتی یەکێتی جگە لە پەیوەندی بە کۆماری ئیسلامی ئێران و خۆبەستنەوە بە سیاسەت و چارەنوسی ئێرانەوە لەم کەینوبەینەی کێشمەکێشە جیهانیەکانی وولاتانی زلهێزی دنیا ڕێگایەکی تریان نیە، هەربۆیە یەکێتی بێئەوەی هیچ تەرح و ڕێگایەک بگرێتەبەر بە ناچاری کەوتوتە بەر سیاسەتی چاوەڕوانی و تەماشاکردنی ڕوداوەکان کە ئایندەی هێزەکەی بەرەو کوێ دەبات. هەربۆیە قسەکانی بافڵ حسابێکی جدیان لەسەر ناکرێت و سەرکردایەتی یەکێتیش یەکریز نین و هەر کەسێکیان پێشنیارو قسەیەکی جیاوازی هەیە، تەنها لەهەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی و سەروەت و سامانی خۆیان و حیزبەکەیاندان، تا ئەوەی بیر لە ژیانی هاوڵاتیان بکەنەوە.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر مەسەلەکە بەوجۆرە بێت کە حکومەتی هەرێم شکستی هێناوە لە ئیدارەی کۆمەڵگادا، ئایا ڕێگاچارە چیەو دەبێ خەڵک چی بکەن بۆئەوەی ژیان و گوزەران و ئایندەیان مسۆگەر بکەن؟ ئایا گەڕانەوە بۆ لای حکومەتی ناوەندی چارەسەرە یان ڕێگایەکی دیکە هەیە؟**

**عوسمانی حاجی مارف:** دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو کە وەک پاشکۆ بون بە بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە مەیداندا بوون، وە لەو ڕێگایەوە وەک هێزی میلیشیاو مافیا و تالانچی ئیدارەی کوردستانیان گرتەدەست و بونە بەشێک لە واقعیەتی ئەو گێژاوو ناجێگیریە سیاسیەی ئەمڕۆ، کە کوردستان و عێراقی پێ لە قاڵب دراوە.

واتا مەسەلەیەک کە دەربارەی دەسەڵاتی حیزبەکانی کوردایەتی پێویستە قسەی لەسەربکەین بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتەکەیان و کاری لەسەر بکەین، تەنها لەو شوێنەوە نیە کە ئێستا بە بنبەست و گەشتون و حکومەتەکەیان شکستی خواردوە، بەڵکو لەو شوێنەوە پێویست بوو وە دەبوا کۆتایی بەدەسەڵاتەکەیان بهێنرێت کە تەواوی سی ساڵی دەسەڵاتداریەتیان لە کوردستاندا پڕاوپڕە لە تاوانکاری، کە هەرلەسەرەتاوە کوردستانیان کردە مەیدانی شەڕی ناوخۆ، هەروەها خولقاندنی کارەسات و چوارچێوەیەکی تەواو نەشیاو بۆ گوزەرانی هاوڵاتیان لە پێناو جەردەیی و دزی وتاڵانی و قۆرخکردنی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستان لەڕێگەی دەسەڵاتەکەیانەوە، دامەزراندنی دەسەڵاتداریەتی هیزی میلیشیاو خولقاندنی نائاسودەیی و وێرانکاری و ئاوارەیی و دەربەدەری و هەژاری، کە وای لە خەڵک کردوە نەفرەت لە بونیان بکەن. حزبەکانی کوردایەتی هەر لەسەرەتاوە نمونەی بێباکترین و نابەرپرسیارترین و نائینسانیترین دەسەڵاتی سیاسی بون و هەن. خولقێنەری فەزای کۆنەپەرستی و دژی ژنان، کە دەبوا هەر لەسەرتاوە فرسەتی دەسەڵاتداریەتیان پێ نەدرایە، ئێستاش تەنها هەر ئەو ڕێگایە کارسازە کە هەڵچون و خرۆشان و ڕاپەرینی جەماوەری لە هەر ئانوساتێکدا بێت بەر بە هەناسەی ئەم دەسەڵاتەی کوردایەتی بگرێت.

★

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خێزانەکانیان و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

# گفتوگۆ لەگەڵ عبدلله مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان!

**ئۆکتۆبەر: ڕۆژی ١٨ی مانگ دەوڵەتی تورکیا هێرشێکی فراوانی بۆسەر هەرێمی کوردستان دەست پێکردوە. هەروەکو دەزانن بەردەوام تورکیا هێرشی چەکداری دەکاتە سەر کوردستانی عێراق و دەیان بنکەی سەربازیشی لەناو هەرێمی کوردستاندا دامەزراندوە. بیانووی بەردەوامی تورکیاش بوونی هێزەکانی پەکەکەیە لە کوردستانی عێراق. ئێوە چۆن لەو پاساوەی تورکیا دەڕوانن و هۆکاری ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیا چۆن لێک دەدەنەوە؟**

عبدالله محمود: بەجیا لەپەکەکە کە هەمیشە بەوێنەی پاساوێک لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە بەدەستەوە گیراوە، لەدنیای واقعیشدا، پەکەکە خۆی و پاساوێکە و بەئامانجگرتنی پەکەکەو لاوازکردنی یەکێک لە ئامانجەکانی هێرشی تورکیایە. بەڵام پەکەکە تەنها پاساو و ئامانجێکە لەناو چەندین ئامانجی گەورەتر و فراوانتردا. دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ ئەزمەیەکی قوڵی ئابوری و دارایی چارەهەڵنەگر بەرەو ڕووە. بەتایبەتی دارمانی بەهای لیرەی تورکی کە بە دوا ئاستی خۆی گەیشتووە و ڕێگایەیک بۆ دەربازبوونی نابینرێت. تادێت تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەو تەریکبوونەوە دەچێت. "ئاک پارتی" وەکو حزبی دەسەلات بەدەست دەرگیرە لەگەڵ ئەزمەیەکی ناوخۆیی و توشی پارچەپارچەبوون بووەو چەندین ساڵە کێڕقی بەرەو داکشان دەچێت. ئەردۆغان، ڕووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتی ڕیزەکانی بۆرژوازی تورکی و تەنانەت نارەزایەتی خودی کادرە بەرجەستەکانی حزبەکەی، تادەگاتە لێکترازان و بەرەو پەراوێزچوون. بەجیا لەوانە تورکیا دەرگیرە لەگەڵ ئاستی چوونەسەری بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، هەروەها دەرگیرە لەگەڵ پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان.

هەموو ئەو دۆسیانە بەجێگایەک گەیشتووە کە دەوڵەتی تورکیا و ئاک پارتی ناچار کردووە بەدوای دەروازەیەکدا وێڵ بێت، تا قورسایی ئەو هەموو گرفت و ئەزمە قوڵە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیبلۆماسییەی لەسەریەتی کەم بکاتەوە، یان لانی کەم سەرنجی رای گشتی ناوخۆ و دنیای دەرەوە لەسەر کێشە کەڵەکەبووەکانی بگوازێتەوە بۆسەر پرسی ئاسایشی سنورەکان و بوونی پەکەکە. هێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان و بۆ سەر پەکەکە بە پاساوی بەرگری لە ئاسایش و سنورەکانی، تەنها گۆشەیەک و هۆکارێک لە ئامانجەکانیەتی، بەڵام ئامانجەکانی تری لەوانە، دەستێوەردان لە پرۆسەی سیاسی عێراق و ڕۆڵگێران لە پرۆسیسی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عیراقدا، بۆئەوەی ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکیا لە بەرچاو بگرێت و پێگەی هێزە تورکیەکانی سەربەخۆی بەهێز بکات. گوشار دروستکردن لەسەر حکومەتی عێراق، تا گوشار لەسەر دەسەلاتی هەرێم زیاتر بکات تا زۆرتر مل دەسەلاتی ناوەند بدات و ئەو ڕێژە لە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و ئیداری، دەسەلاتی هەرێم، کەمتر و کەمتر تا ڕادەی نەهێشتنی بباتە پێشەوە. هەروەها دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت پاراستنی سنورەکانی هەرێم، بسپێردرێت بە دەسەلاتی ئەمنی و سەربازی بەغدا و هێزەکانی عێراق بەرپرس بکات لە هێرشی پەکەکە بۆسەر خاکی تورکیا، و بەپرسیارێتی هەڵگرتن لە گوشار هێنان بۆ پەکەکە تا سنورەکانی بەکار نەهێنێت لەدژی تورکیا...تاد... دیارە لەگەڵ ئەوانەدا کە تورکیا خوازیاری قوتبی بوونەوەی دەسەلاتی بەغدا و داسەپاندنی هەژمونیەتی بەسەر قەوارەی هەرێمدا، بەلام هاوکات دەیەوێت تا ئەوکاتەی دەسەلاتی سیاسی هەرێم توانایی هەیە، وەکو گوێلەمستی خۆی بەکاربهێنێت، بۆ هاوکاری زیاتری تورکیا و دژایەتی کردنی پەکەکە و یەپەگە...

لەوانەش واوەتر دەوڵەتی تورکیا بەهێرش بۆسەر هەرێمی کوردستان بە پاساوی بوونی مەترسی پەکەکە، دەمێکە خوازیاری ئەوەیە کێشەی سیاسی خەڵکی کوردستانی تورکیا، ببەستێتەوە بە پەکەکەو حاشا لەپرسی سیاسی خەڵکی کورد و ملدان بەرێگاچارەی کارسازی خەڵکی کوردستان لە تورکیادا بکات. جیا لەوانە دەوڵەتی تورکیا زۆر دەمێکە وەکو قوتبێکی ناوچەیی خۆی نیشان دەدات و دەیەوێت ئەو ڕۆڵەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بۆ بەرەسمی بناسرێت. دەستێوەردان و هێرشکردن و سنوربەزاندنی دەوڵەتی تورکیا، لە عێراق و کوردستانەوە بۆ سوریا و لیبیا و ئازەبایجان و ئەرمەنستان و ...تاد، دروستکردنی هێزی کۆنەپەرستی کرێگرتە و موچەخۆر بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، هەموو لەو چوارچێوەیەدایە کە وەکو هێزێکی باڵادەست و ناوچەیی ببیتە یاریچی و قوتبێکی ناوچەیی دانپیانراو.

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە چی وایکردوە تورکیا بتوانێ بەوجۆرە دەستێوەردانی سەربازی بکات لە کوردستانی عێراقدا؟ ئایا ئەمە لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافی سەروەریدا ناکۆک نیە؟ ئەگەر هەیە بۆچی نە عێراق و نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان**

**لەوبارەوە هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادەن؟**

عبداللە محمود: دەستێوەردانی تورکیا و هاوکات ئێران، لە دۆخی سیاسی هەرێم و ناوچەکەدا لە بنەرەتدا لەلایەکەوە بۆ بوونی بۆشایی سیاسی ئەمنی و دەستکورتی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێم و لەلایەکی تریش بۆ ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دەگەڕێتەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا.

ڕێکەوتنی حکومەتی عێراق و دەوڵەتی تورکیا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی دەسەڵاتی بەعس و بەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعسدا نەک درێژەی پێدراوە، بەڵکو بەرینترکراوەتەوە. ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بەپێی ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراقدا پێشوتر دەیتوانی بەقوڵایی دە کیلۆمەتر بێتەناو هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا لەسەردەمی حکومەتی مالیکییەوە ئەو ١٠ کیلۆمەترە کراوەتە ١٥ کیلۆمەتر، هەروەها دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەتایبەتیش دەسەڵاتی زۆنی زەرد، بەتەواوەتی وابەستەی دەوڵەتی توکیایە و بۆتە نۆکەرپیشەی دەوڵەتی تورکیا، هەر ئەوەش وایکردووە دەوڵەتی توکیا چەندین سەربازگە، لە هەرێمدا جێگیربکات و دەزگا هەواڵگرییەکانی دەستئاوەڵا بن و هەرکاتێکیش ویستی لەشکرکیشی بکات و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی بەچاوساغی پیاوانی دەسەڵاتی کوردی لە قوڵایی کوردستاندا، کادر و هەڵسوڕاوانی پەکەکە بکەنە نیشانە و تیرۆریان بکەن.

دیارە هێرشی ئەمجارەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان، جیاوازی لەگەڵ هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی رابردوو هەیە. جیاوازیەکەش ئەوەیە کە دنیا بەشێوەی گشتی و بەتایبەتی ئەمریکا و ڕۆژاوا سەرقاڵ و فۆکەسیان لەسەر جەنگی ئەمریکا و روسیا لە ئۆکرانیایە. ئەوە نەک بواری داوە دەوڵەتی تورکیا بەشێوەی بەرینتر هێرش بکات، بەڵکو دوور نیە ئۆکەی دەوڵەتی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژاواشی لەپشت بێت، بەتایبەتی کە لەئێستادا، ئەمریکاو ڕۆژاوا خوازیاری ئەوەن لە ئارایش و ململانیی تازەی دنیادا، تورکیا بەرەو کەمپی خۆیان و رابکێشن، یان لانی کەم دوری بخەنەوە لەوەی پشتیوانی لە روسیا بکات.

بێگومان ئەو هێرش و ملهوریەی دەوڵەتی تورکیا، بەپێی بنەماکانی یاسای نێو دەوڵەتی پێشێلکارییەکی ئاشکرا و ژێر پێخستنی هەموو پێودانگە نیودەوڵەتیەکانە. بەڵام نابێ بیرمان بچێت، دەمێکە خودی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، کەوتوونەتە ژێر هەیمەنەی بەرژەوەندخوازی زلهێزەکانی دنیا و ئەوەی باکیان پێی نەبێت، پابەند بوونە بەو ڕێکەوتنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتیانەوە. هەر ئەوەشە وایکردووە لەبەرامبەر بەو هەموو دەستدرێژی و ملهورییە سەربازیانەی لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا ڕوودەدەن بێدەنگ یان هاوکار بن.

بێدەنگەی دەوڵەتی عێراقیش بەجیا لەوەی ڕێکەوتنی رەسمی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەیە، کە ئەو ڕێکەوتنە ڕێگری لەهێرش و دەستێوردانی تورکیا ناکات لە سنورەکانیدا بە قوڵایی ١٥ کیلۆمەتر، هاوکات دەوڵەتی عێراق لە ئێستادا بەدوای قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتەوەیە لەو راستایەشدا لاوازتر بوونی دەسەڵاتی هەرێم، یەکێک لە ئامانجەکانیەتی... بۆیە بێدەنگەی هەڵبژاردووەو ئەگەریش بێتە دەنگ، جگە لە ئیدانەیەکی شەرمنۆکانە، کە زۆتر بەیانی بێدەنگیەکەی دەکات زیاتر نابێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە خودی حکومەتی عێراق حکومەتێکی لاوازو بێسەروبەرەیەو توانای هیچ کاردانەوەیەکی کرداری نییە و خۆی لەلایەن ئێران و ئەمریکاوە دەستێوەردانی تێدا دەکرێت...

**ئۆکتۆبەر: بەبڕوای ئێوە هەڵوێستی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی کوردستان دەبێت چی بێت و چی بکەن تا پێش بەم ملهوری و دەستێوەردانە چەکداریانەی تورکیا و دەوڵەتانی ناوچەکە بگرێت و سنورێکی بۆ دابنێت؟**

عبداللە محمود: من لاموایە دەبێ هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان لێک جیابکرێتەوە. حزبەکانی دەسەڵات خۆیان هاوکار و چاوساغی لەشکرکیشی و ملهوری دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێرانن و دەمێکە دەسەڵاتی هەرکام لە زۆنەکان، دابەشی سەر لایەکیان بوون. پارتی و هاوپەیمانەکانی پاڵیان داوە بەدەوڵەتی تورکیاوە و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیشی پاڵیان داوە بەئێرانەوە و تەنانەت ئەو خۆبەستنەوەیە هۆکارێک بۆ مانەوەی دەسەڵاتیانە بەسەر زۆنەکاندا. ئەگەر ئێران هێرش بکات ئەوا پارتی لە زۆنی زەردەوە ئیدانەیەکی شەرمنۆکانەی دەکات و ئەگەریش تورکیا هێرش بکات، یەکێتی بەهەمانشیوە، ئیدانەیەکی شەرمنۆکانەی دەکات. بۆیە نابێ چاوەڕوانییەک لەوە هەبێت کە پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانە حزبیەکانیان، هیچ کاردانەوەیەکی جدی لەخۆیان نیشان بدەن. ئەوەی کە پێویستە و دەبێت بەدژی ئەو هێرشانەو ئامانجی ئەو هێرشانەدا بێتەمەیدان، بلۆکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و حزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانن.

ئەو بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەی کە چەندین ساڵە خواستی ڕامالینی دەسەڵاتی هەیە، هۆکاری دەستێوردانی دەرەکی و دەیان مەینەت و موسیبەتی وەکو برسێتی و گرانی و بیکاری و ویرانکردنی خزمەتگوزارییەکان و دزی و تالانی ئاشکرا، بە پارتی و یەکێتی دەزانیت، هەر ئەوانیش دەتوانن بە هاتنەمەیدانیان و بە وەرێخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری فراوان و ملیۆنی دنیای بێدەنگی بۆرژوازی بێدار بکەنەوە، ببەنە گوشار بەسەر دەوڵەتەکانی ناوچەکەو تورکیاوە تا دەست لە

ملهوری و لەشکرکێشی و دەستێوەردان لە دۆخی هەرێمدا، هەڵبگرن. هێرش و ملهوری وڵاتانی ناوچەکە، لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی بۆرژازی کورد ئاوێزانی یەکتری بوون و تێکۆشان بۆ دەستکۆتاکردن و کۆتایهێنان بە هێرش ملهوری وڵاتەکانی ناوچەکە بە پلەیەکی زۆر گرێی خواردووە بە ڕامالینی دەسەڵاتی بۆژوازی کوردەوە. کاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکانە، کە ڕۆڵی رابەری و هێنانەمەیدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ملیۆنی بەدژی ملهوری و هێرشی سەربازی ولاتانی ناوچەکەو لەوانە تورکیا، لە ئەستۆ بگرن. لە ئاستی ناوخۆدا و لە ئاستی دنیای دەرەوەشدا، بە وەرێخستنی ئاکسیۆنی نارەزایەتی لە بەردەم و قونسولیەکانی دەوڵەتی توکیا، و یوئین و ریکخراوە نێو دەوڵەتییەکان گوشار دروست بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و هێرشی بەردەوام و نەپساوەی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردسان. لەوانەش واوەتر بۆ کۆتاییهینان بەو لێکەوتانەی لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا، لە کوشتار ئاوارەیی و سوتماککردنی شوێنی کارو ژیانی خەڵک، روودەدەن.

★

# بەرزو بەڕێز بێت یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران !

# ئەم دونیا پێچەوانەیە دەبێت ڕاستبکرێتەوە !

هەموو ساڵێک لەیەکی ئایاردا بە سەدان ملیۆن کرێکار، جەژنی هاوپشتی چینیایەتی خۆیان دەگێڕن و لەم ڕۆژەدا شەقامی شارەکان ڕەنگی ناسنامەی ئینسانی دەگرنەخۆ. هەموویان پێکەوە دەبن بە یەک ڕەنگ و یەک سرود دەخوێنن. پڕوپوچی وەک نەتەوەو ڕاسیزم وهەلاواردنی دینی و ڕەگەزیی و ڕەنگی پێست، لە بەردەم یەکگرتوویی ڕیزەکانی کرێکاران لەسەرتاسەری جیهاندا چۆک دادەدەن و تەسلیم دەبن. کرێکاران لەم ڕۆژەدا بڕیاری ڕاوەستانی بەرهەمهێنان دەدەن. لەم ڕۆژەدا دونیا بۆ ماوەیەک خامۆش دەبێت. بۆ هەموان دەردەکەوێت کە چ هێزیکە و ئەوانە کێن کە شارستانیەتی ئەمرۆ دەخولقینن. هیچ کەس ناتوانیت حاشا لەم راستیە بکات کە ئەوە کرێکارانن ئەم دونیایە بە پێوە ڕادەگرن.

گومان لەوەدا نیە کە تەکنەلۆژیا لە ئیستادا گەشتوەتە ئەوپەری خۆی، بەرهەم و کارو توانای ئینسان بەشیوەیەکی بێوێنە لەچاو رابردودا چوەتەسەر. ڕۆژبەڕۆژ داهێنانی تازە دێتەئاراوە کە هەموانی توشی سەرسورمان کردوە. بەلام هێشتا هەژاری و برسێتی و بێ ئیشی و نەخۆشی باڵی بە سەر خەڵکی دونیادا کێشاوە. بە ملیۆنەها ئینسان لە برساندا دەناڵێنن، ملیۆنەها منداڵ دەمرن بەهۆی ئەوەی کە دایکو باوکیان ناتوانن بژێوییان دابین بکەن. ملیۆنەها ژن لە دەست هەلاواردنی جنسی دەناڵێنن. کەم نین ئەوانەی کە بەهۆی هەندێ نەخۆشیەوە دەمرن. کە م نین ئەوانەی بە هۆی شەڕی دینی و تایفی و نەتەوەییەوە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و شارو گوندەکانیان وێران دەکرێن. هەرئێستا دەبینین کە دەوڵەتانی بۆرژوازی و نەتەوەپەرست و پێشبڕکێی نێوان ئەمەریکاو ڕوسیا، لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی دونیا بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، چ کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی هەژاری ئۆکرانیاو ووڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هێناوە. بەدەیان هەزار کەس کوژراوەو ملیۆنەها مرۆڤ ئاوارە کراون. شارو گوندەکانیان کاولکراون. هەروەها بەهۆی کاری تیرۆری گروپە ئیسلامیەکانەوە بەشێکی زۆری ووڵاتانی جیهان نائارام بوە. ئەمانە هەموویان نیشانەی ئەوەن کە بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی، نەک هەر فرسەتی ژیان و ئاسایشیان لە دانیشتوانی سەر گۆی زەوی سەندۆتەوە، بەڵکو ئایندەی مرۆڤایەتیشیان لەسەر لێواری کارەسات و تیاچوون راگرتوە. ئەم جیهانەیان بۆ چینی کریکاران وهەژاران کردوە بە دۆزەخ .

لەلایەکی دیکەوە بڵاو بونەوە و بەردەوامبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری جیهاندا و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵی لەلایەن دەوڵەتانی سەرمایەداریەوە، زۆر لە جاران زیاتر ناوەڕۆکی دژە ئینسانی و بۆگەنی ئەم سیستەمەمان بۆ دەردەکەوێت. لەکاتێکدا کە خۆیان هاواریان دەکرد ئەم ڤایرۆسە خەتەرێکی گەورەیەو بەرۆکی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتوەو داوایان دەکرد لەماڵەکانتان مەیەنە دەرەوە، بەڵام هەموو کرێکاران وەک جاران لەکارگە گەورەکاندا کاردەکەن و تائێستا سەرمایەدارن دەرگای هیچ کارگەیەکیان دانەخستوە بەهۆکاری ئەم ڤایرۆسەوە، بۆیە دووبارە ئەم سیستەمە ئەو ڕاستیەی سەلماند کە بەتەنگ سەلامەتی و ژیانی ئێمەی کرێکاران و هەژارانەوە نیە.

ئەم بارودۆخە خراپانە لە ئاسمانەوە نەباریوە بۆ هەژاران، بەڵکو سەرچاوەکەی نیزامی سەرمایەداریە. لەپێناو کەڵەکەبونی سەرمایەکانیان ئەم هەموو کارەساتە بەسەر ئینساندا دێنن. لە ڕاستیدا ئەم دونیایە کە تیایدا

دەژین، دونیایەکی پێچەوانەیە. بەچاوی خۆمان دەبینین ئەوانەی کە رەنج دەکێشن و بەرهەم دەهێنن خاوەنی هیچ نین، بەلام کۆمەڵێک گەندەڵخۆری تەمەڵ، خاوەنی هەموو شتێکن و دەوڵەت و حکومەتیشیان دروست کردوە تا سەرو ماڵیان بپارێزن.

بۆ راستکردنەوەی ئەم دونیا پێچەوانەیە، تەنها رێگایەک کە لەبەردەم کرێکارندایە بۆ رزگاربونیان لەو هەمو موسیبەتە کە نیزامی سەرمایەداری بۆی هێناون، خەباتی شۆرشگێرانەی کرێکارانە بۆ ژێرەوژورکردنی ئەم سیستەمە زاڵمە. هەروەها ریکخستنی ریزەکانیانە و دروستکردنی رێکخراوە کرێکاریەکانە و کۆبونەوەیانە لەدەوری یەکتری پەیوەست بونیانە بە حزبە کۆمۆنیستەکانەوە. بەبێ بوونی ئەحزابی کۆمۆنیستی شۆرشگێر کە لەپێناو بەرژەوەندی چینی کرێکاردا هاتبێتە مەیدان، ناتوانرێت هیچ ئالوگۆرێک بە قازانجی چینی کرێکار بەدی بێت. بەمانە کرێکاران دەتوانن ئەم دونیا پێچەوانەیە راستبکەنەوەو لەشوێنیدا دونیایەکی یەکسان و خۆشگوزەران بۆ تەواوی کومەڵگای بەشەری بەدەست بێنن. بەبێ ئەمە ناتوانرێت ئەم نیزامە زاڵمە کە بە ملیۆنەها سەربازو پۆلیسیان دروست کردوە بۆ پاراستنیان، لەناو ببرێت و لە چنگی کارەسات و تاوانەکانی رزگارمان ببێت!

★

# سەرمایەداری ئەبەدی نییە و هاتنەدی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان مومکینە!

بە سەرنجدانێکی کورت لە دونیای ئەمرۆ دەردەکەوێت کە جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی پێچەوانەیە. هەوڵ و کۆششی بەردەوام و هەر رۆژەی چینی کرێکار و ئەو مرۆڤە بێشومارانەی کار دەکەن و جیهان دەخولقێنن، خۆی لە دەسەڵاتی رۆژلەرۆژ زیاتری سەرمایە بەسەر بوونی ئەواندا دەبینێتەوە. ئامانج لە چالاکی ئابووری بەرهەمهێنانی پێداویستیەکانی ئینسان نییە، بەڵکو قازانج هێنانە بۆ سەرمایە. گەشەی هەموو رۆژەی تەکنەلۆژی و زانست، کە سەرچاوەی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی ئینسانە، لەم نیزامەدا بۆتە مایەی بێکاری و بێبەشی هەرچی زیاتری سەدان ملیۆن کرێکار. ئازادی ئابوری تاکەکانی کۆمەڵ پەردەیەکە بۆ داپۆشینی ناچاری هەموو رۆژەی ئەوان بۆ ئامادەبوون لە بازاری کاردا.

ئاکام و لێکەوتەکانی قەیرانەکانی نیزامی سەرمایەداری تەنها لە زەمینەی ئابوریدا نامێنێتەوە، جەنگە ماڵوێرانکەرەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، میلیتاریزم و دەستدرێژیی سەربازی، داسەپاندنی حکومەتە پۆلیسی و سەرکوتگەرەکان، سەندنەوەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی جەماوەر، پەرەسەندنی تیرۆریزمی دەوڵەتی و رێکخراوە راستڕەوە توندڕەوەکان، درۆودەلەسەی میدیایی چالاکبوونەوەی رەوتە دینی و ناسیۆنالیستی و نەژاد پەرستەکان.. هەموو ئەمانە تایبەتمەندیە بەرجەستەکانی سەرمایەدارین بەتایبەت لە سەردەمی قەیرانەکاندا.

لە دڵی نیزامی قەیرانگرتووی سەرمایەداری هاوچەرخدا، چینی کرێکار ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەو یەکی ئایار، رۆژی نوێ کردنەوەی هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کرێکار دەچێت، کە هێشتا بەڵای کۆرۆنا بەرۆکی کۆمەڵگەی بەشەری بەرنەداوە، کەچی بەڵای شەڕ و جەنگی وڵاتانی ئیمپریالیستی لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و ناوچەکانی نفوزیان و هاوکات بۆ تێپەڕین لە ئەزمەیەک کە یەخەی پێگرتوون، گەورەترین کارەساتیان خوڵقاندووە و بەمەش چارەنوسی جیهانیان لەبەردەم تونێڵێکی تاریکدا راگرتووە. تەنانەت لەسایەی شەڕ لە ئۆکرانیا، هێزە ئیمپریالیستیەکان، دەستیان بردووە بۆ پێشبڕکێ لەسەر چەک و گەرمکردنی بازاڕی سەربازی و ساغکردنەوەی کەلوپەلە سەربازیەکان و تەرخانکردنی بودجەی ملیارەها دۆلاری بۆی، کوشتار و ئاوارەیی و زاڵکردنی میلیتاریزم و پەرەدان بە ناسیۆنالیزم و راسیزم و گرانی بێوێنە و برسێتی و هێرش بۆ سەر هەرجۆرە ماف و خزمەتگوزاریەک، کە ساڵەهایە بە خەباتی چینی کرێکار بەدەست هاتووە، هەموو ئەمانە دەکەنە تایبەتمەندیەکانی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. لە وەها دۆخێکدا ئەوە چینی کرێکارە کە دەبێ بە ئاسۆی جیهانێکی ئازاد و یەکسان و ئینسانیەوە لە مەیداندا راوەستێ و رایگەیەنێت کە دەسکۆتاکردنی چینی بۆرژوازی، لە رێگای شۆرشی کرێکاریەوە، نەک هەر ئەم دۆخە پێچەوانە دەکاتەوە، بەڵکو دەرگا بەرووی جیهانێکی ئازاد و یەکسان و بەدەر لە جەنگ و ماڵوێرانی و ستەمگەریدا دەکاتەوە. یەکی ئایاری ئەمساڵ جارێکی تر ئەم پەیامەی چینی کرێکار بە قوڵی رادەگەیەنێتەوە.

کرێکارانی کوردستان ئەگەر چی لە یەکساڵی رابردوودا دەورەیەک لە خەبات و نارەزایەتییان بەرامبەر بە دۆخی سەختی کار و ژیانیان و بەرامبەر بە هێرشە هاوبەشەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان تێپەڕ کردووە، بەڵام بەو هۆیەوە کە نارەزایەتیەکی بەرینی

کۆمەڵایەتی، جەماوەری زەحمەتکێشان، لەبەرامبەر ئەو قەیران و بنبەستەی کە بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی تێی کەوتوە، جێگایەکی تایبەتی بە ڕۆڵی ئەم چینە لە ڕاستای ڕابەری کردنی جەماوەری زەحمەتکێش و مەحرومی کۆمەڵگە، بەرەو ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێرانە بەخشیوە، ئاڵوگۆڕێکی وا کە نەک هەر دەسەڵاتی ئێستای بۆرژوازی کورد وەلابنێ، بەڵکو دەسەڵاتداریتی شوراکان لەسەربنەمای ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەری زەحمەتکێش دامەزرێنێ و بە کردەوە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی کامڵ بۆ هەموان دەستەبەر بکات.

کەوایە با ڕۆژی یەکی ئایار بکەینە سەرەتایەک بۆ خۆئامادەکردن و بەدەستهێنانی پێداویستیەکانی ئەم ئەرکە. چینی کرێکاری کوردستان بە یەکگرتوکردنی ڕیزەکانی و بە سەراسەریکردنەوەی ناڕەزایەتیەکان لە دەوری خواستەکان و بۆ بەدەستهێنانی نان و کار و مەعیشەت، دەتوانێ یەکەم هەنگاوەکانی جوڵانەوەی ئاڵوگۆڕبەخشی خۆی لە چنگی سەرمایەداران و دەسەڵاتەکەیان مەحکەم بکات و کۆمەڵگەش لەو گێژاو و قەیرانەی کە تێی کەوتووە، بباتە قۆناغێکی نوێوە. یەکی ئایار، وەک ئەوەی ڕۆژێکە بۆ ئیرادەکردن و خۆنواندنی هێزی یەکگرتوانەی چینی کرێکار، پێویستە ئەم ڕۆژە بکرێتە بۆنەیەک بۆ بردنەسەرەوەی تواناییەکانی چینی کرێکار و جەماوەری نارازی کوردستان و بە کۆبوونەوە لە دەوری داخوازیەکانیان لە شوێنی کار و ژیاندا، بە ڕێکخستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و گێڕانی جەژن و شادی و مەراسیم و چالاکیە ئایاریەکان، یەکی ئایار بکەنە ڕۆژێک بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و مەسەلەکانیان و دانی بەیاننامە و یاداشت و پەیامی چینایەتی بەگوێی خاوەنکار و کۆمەڵگەدا.

ئەم جیهانە لنگەوقوچە دەبێ لەسەر پێی خۆی دابنرێتەوە. سەرمایەداری ئەبەدی نییە و ئەوە چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە کە بە خەبات و شۆڕشی چینایەتییان مژدەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران بە کۆمەڵگە دەدەن. کۆمەڵگەیەک کە خاڵی بێت لە ستەم و چەوسانەوە و هەرجۆرە جیاکاری و ناعەدالەتیەک و لێرەشەوە ئەم جیهانە ئاوەژوە لەسەر پێی خۆی دادەنێتەوە.

**بژی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی چینی کرێکار**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٢ ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

# ڕونکردنەوەیەک لە سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە

**بڵاوبونەوەی کورتە ڤیدیۆیەکی کۆبونەوەیەک کە سەبارەت بە بەرپاکردنی مەراسیمی یەکی ئایار لە شاری سلێمانی، بە ئامادەبونی ڕەوتگەلێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەو کۆبونەوەیەدا، کە هاوکات وەفدیکی حزبی ئێمەش تیایدا ئامادە بوو، بۆتە مایەی پرسیار و ناڕۆشنی بۆ کەسانێک و هاوکات کراوەتە هێرش بۆسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان. بۆیە لەو بارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوەیە بە پێویست دەزانین:**

**ڕۆژی ١٩/٤/٢٠٢٢ لەسەر بانگهێشتی حزبی شیوعی کوردستان کۆبوونەوەیەک لە بارەگای حزبی شیوعی بەرپاکرا سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بەرنامەی یەکی ئایار. حزبی ئێمەش کە بۆئەم کۆبونەوەیە دەعوەت کرابوو، ئامادە بوو. هاوڕێیانی ئێمە لەدوای ئامادەبوونیان لە کۆبونەوەکەدا ئاگادار بوونەوە کە لایەن و ڕەوتگەلێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جێگیر لە کوردستانی عێراق کە دۆست و لایەنگری ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەی ئێستای کوردستانن کە هەلومەرجێکی کارەساتباری بەسەر چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا سەپاندوە، لە کۆبونەوەکەدا ئامادەییان هەیە. بە دیاریکراوی (کۆمەڵە و سازمانی زەحمەتکێشان). پێشتر حزبی ئێمە لەم بارەیەوە هیچ زانیاریەکی نەبوو. پاش ئاگاداریمان لەو واقعیەتەی لەگەڵی بەرەوڕوو بووین، وەفدی ئێمە لەو کۆبونەوەیەدا ڕایگەیاند کە ئامادەنین لە هیچ چالاکیەکی ئایاردا بەناوی لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکەوە بەشداری بکەین. هەروەها ڕامانگەیاند بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکە ئەبێ کۆمیتەیەک لە هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیست، بە ناو و لۆگۆ و دروشمی تایبەتی خۆیەوە پێک بێت. سەرەنجام بڕیاردرا کە ئەو لایەنانەی لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون بۆیان نییە بە ناوی حزبەکانیانەوە، هەروەها بە ئاڵا و ئارم و بەرگی پێشمەرگایەتیەوە لە بەرنامەی یەکی ئایاردا ئامادەیی پەیدا بکەن.**

**سەرەڕای تێپەڕاندنی ئەم حاڵەتە بە جێگیرکردنی ئەو مەرجانەی کە ئاماژەمان پێداوە، جارێکی تر پێداگری زیاتر ئەکەین لەسەر ئەوەی مامەڵە و پەیوەندی سیاسی ڕۆشن و شەفاف لەگەڵ ئەحزاب و لایەنە سیاسیەکاندا ببەینە پێشەوە.**

**٢٢/٤/٢٠٢٢**

# بەرزو بەڕێزبێت ١ی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار!

**هاوڕێیانی کرێکار:**

**ئەگەر دەمانەوێت بەڵای بێکاری و گرانی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکان یەخەمان بەردات، ئەگەر دەمانەوێت لەو گێژاوەی کە دەسەڵاتداران ژیانی ئێمە و کۆمەڵگەی تیا ڕاگرتووە دەربازبکەین.. وەرن با هێزی ئاڵوگۆڕبەخش وشۆڕشگێڕانەی خۆمان بهێنینە مەیدانەوە.. وەرن با ئایاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژێک بۆ یەکگرتووکردن و ڕێکخراوکردنی ڕیزەکانمان.**

## 1 ئایاری ٢٠٢٢




**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**